
# تکایە پیشانم بدە، بۆم مەگێڕەوە سەبارەت بە ڕۆمانی (دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکان)

د. حەمە مەنتک
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە)




کاتێک سەت ساڵ تەنیایی مارکیز دەخوێنینەوە، شێوازی گێڕانەوەی زۆر لە چیرۆکی پێش خەوتن دەچێت. ئەو گێڕانەوەیە لەو حەکایەتانە دەچێت، کە داپیرە و باپیرەکان بۆمانی دەگێڕنەوە. جوایەزی شێوازی گێڕانەوەی مارکیز و داپیرەکان لە یەک شتدایە، هیی داپیرە خەواڵوومان دەکەن، بەڵام هی مارکیز بەرەو خەوتنمان نابات و چێژمان دەدەنێ. چیرۆکی ڕۆمانەکە بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش دەگێڕدرێتەوە، لەناو دەقەکەدا هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێی گێڕانەوەوە ڕێنمایی خوێنەر دەکرێت، نەکا خوێنەر ون بێت.

ڕۆمانی (دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکان) لە نووسینی کاروان عومەر کاکەسوور، ڕۆمانێکە، مێژوویەکی دوورودرێژی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست و یەک درێژ دەبێتەوە. لەناو ئەو مێژووە درێژەدا بەر دەیان چیرۆک دەکەوین، بەڵام شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کۆمەکی زۆرمان دەکات ئێمەی خوێنەر ون نەبین، ئەمە پنتێکی زۆر گرنگە، ڕۆماننووس بتوانێت لەناو دەیان چیرۆکدا خوێنەر ون نەکات.

کاتێک خوێنەر لە نێوان دێڕەکاندا تووشی بەربەستێک دەبێت، کاروان عومەر کاکەسوور بە چالاکی و بەبەزییەوە وەها کاری کردووە، بەربەستەکان لا ببات، ئەمەش لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی سەرسوڕمان و چێژی پترە. لە ڕۆمانەکەدا نووسەر بە گێڕانەوەی ژیانی چەند نەوەیەکی یەک لە دوای یەکی بنەماڵەی خەڵووزفرۆش و چەلەنگ، مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردمان لە باشووری کوردستان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو شارەی هەمووان داوای دەکەن جێی بهێڵن، هەموو شوێنێکە و هیچ شوێنیش نییە، هەم وەهمە و هەم واقیع، ئەو شارە هێندەی دۆخێکی زەینی و دەروونییە، هێندە شوێن نییە، بەڵام سەرەڕای ڕوانینمان بۆ سروشتی سەرابئاسای شارەکە، دەبینین زۆر بە قووڵی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا چەسپاوە. ئەوەی زۆر جێی سەرنجە، کارەکتەرەکانی وەک: ڕێشار، پزیشک زێوێ،

یـاوەر، پارێـزا، هێلانـە، کەیـدارا چەلەنـگ و...تـاد. وێنەیەکـی زینـدووی هـەر تاکێکـی کـوردن، بەتایبەتـی لـە خـەم و زیندوویەتییـان، سـەرکەوتن و شکسـتیان، ناخۆشـی و خۆشـییان، بـاوەڕ و خورافەکانیـان، لاوازی و ئیرادەیـان.

شـێوازی گێڕانـەوەی کاروان کاکەسـوور لـەم ڕۆمانـەدا دەستاودەسـتکردنی چیرۆکەکانـە. هەمـوو کارەکتەرێـک چیرۆکـی خـۆی هەیـە، هـەر چیرۆکێکیـش بەهانەیەکـی واقیعـی و لۆژیکانەیـە بـۆ چیرۆکـی دوای خـۆی. بـۆ نموونـە، بـۆ گێڕانـەوەی چیرۆکـی باپیـری یـاوەر، کـە نـاوی فەریـدوون بـووە، چیرۆکـی نەخشـان و مێـردی نەخشـان، ناونانـی کوڕەکـەی یـاوەر بەنـاوی فەریـدوون دەکاتـە بەهانەیـەک. ((دواجـار بڕیـان دەردەکەوێـت (فەریـدوون) گونجاوترینیانـە. ڕاسـتە ئەویـش تـەواو بێگرفـت نییـە، بـەڵام لەوەیـان چاکتـر دەسـت ناکەوێت. ئەگـەر بـە (فـەرۆ) بانگـی بکـەن، ئـەوە کەمتـر تووشـی بەڵایـان دەکات. نـاوی باپیـری یاوەریشـە)) ل١١٢. لێـرەوە چیرۆکـی باپیـری یـاوەر دەسـت پـێ دەکات.

بـە هەمـوو چیرۆکـەکان، کـۆی ڕۆمانەکـە پێـک دەهێنـن. ئـەم شـێوازە تەنـێ لای کاروان کاکەسـوور هەیـە، ئەمـە شـێوازێکە بـۆ تێکشـکاندنی شـێوازە باوەکـەی گێڕانـەوەی هەقایـەت. لـە هەقایەتـدا بـەردەوام چیرۆکێـک، لـە پێنـاو چیرۆکێکـی دیکـە دەوەسـتێنرێت. کاتێـک دوو بـرا بـۆ هێنانـی دەرمـان بـۆ باوکیـان دەچـن، لـە ڕێگـەدا تووشـی دووڕیانێـک دەبـن، هـەر یەکەیـان بـە ڕێیەکـدا دەڕوات. هەقایەتخـوان چیرۆکـی یەکێـک لـەوان لـە نیـوەڕا دەوەسـتێنێت و دەڵێـت: بـا بچینـەوە لای فلانکـەس بزانیـن چـی ڕووی داوە. ئـەم تەکنیکـی هەقایەتخوانییـە ڕێـک لـە دوا ڕۆمانـی بەختیـار عەلـی بـە نـاوی (مردنـی مامۆسـتا عینایـەت)دا هەیـە.

ناهونەرییەتـی ئـەم شـێوازە لەوەدایـە چیرۆکـەکان لـە یەکـدی دادەبڕێـن، وا دەکەیـت پێوەندییـان بـە یەکـەوە نەمێنێـت، بـەڵام تەکنیکـی چیـرۆک لەنـاو چیـرۆک، وا دەکات هەمـوو چیرۆکێـک، چیرۆکـی خـۆی هەبێـت، بەمـەش چیرۆکگەلێکـی فـرەت دەبێت، کـە چەنـدان گێڕانـەوە لەنـاو پلۆتێکـی گەورەتـردا بوونیـان دەبێـت. ڕێـک وەک بووکەڵـەی ڕووسـی، هەر بووکەڵەیـەک دەکەیتـەوە، بووکەڵەیەکـی بچووکتـری لـە نـاو خۆیـدا هەڵگرتـووە. ڕێـک وەک ژیـان، ئێمـە چیرۆکـی بێکۆتامـان لەنـاو ژیانـدا هەیـە، هەمـوو چیرۆکـە وردەکان شـتێک پێـک دەهێنـن نـاوی ژیانـە.

گرنگـی ئـەم تەکنیکـە لەوەدایـە کاتێـک چیرۆکێـک، چیرۆکێکـی دیکـە لەخـۆ دەگرێـت، خوێنـەر کنجـکاو دەکات، کـە دەبێـت لەنـاو ئـەم چیرۆکـەدا چـی دیکـە هەبێـت. لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـەدا بـەر ڕسـتەیەکی پزیشـک زێوێـی دایکـی ڕێشـار دەکەویـن: تـۆ پێویسـتە لانـی کـەم جارێـک ئـەم شـارە جـێ بهێڵیـت. ئـەم ڕستەیە کنجکاوییـەک لـە کن خوێنەر دروست دەکات، جێهێشـتنی شـار بـۆ؟ لەمـەوە چیرۆکی هاتنی پزیشـک زێـوێ و دواتـر یـاوەر و دواتـر کارەکتەرەکانـی دیکـە دێـن، واتـە هـەر ئەوەنـدە چیرۆکـی یەکـەم هـات، ئیـدی ئـەم چیرۆکـە، چیرۆکێکـی دیکـەی لـە هەنـاوی خۆیـدا هەڵگرتـووە و ئەویـش چیرۆکێکـی دیکـە، بـەم شـێوەیە چیرۆکـی بـێ کۆتامـان دەبێـت.

یەکێکـی دیکـە لـە تەکنیکـە هونەرییەکانـی ئـەم ڕۆمانـە ئەوەیـە، ئێمـەی خوێنـەر لـە ڕێـی قسـە و ڕەفتـاری کارەکتەرەکانـەوە زانیاریمـان لەبـارەی بیرکردنـەوە، فیکـر، بـاری کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و چینایەتـی کارەکتەرەکانـەوە دەسـت دەکەوێـت، ئەمـەش هەوڵێکـە بـۆ خۆپارێـزی لـە وەسـف، چونکـە وەسـفکردن لـە زۆربـەی بـاردا هەوڵدانـە بـۆ خۆدزینـەوە لـە دراماییبوونـی گێڕانـەوە، بـە واتایەکـی دیکـە ڕۆماننـووس لـەو کاتانـەدا پەنـا بـۆ وەسـفی درێـژ و بـەردەوام دەبـات، کـە توانایـی خەڵقکردنـی ڕووداوی نامێنێـت.

لـەم ڕۆمانـەدا خوێنـەر خۆی دەبێت بۆ دەستخستنی زانیـاری لەبـارەی کارەکتەرەکانـەوە زەحمەتیـی بکێشـێت، هەرچەندە وەگێڕێکی هەمووشـتزانمان هەیە، بـەڵام ئـەو نایەوێـت هەمـوو شـتەکان بداتـە دەسـت خوێنـەر. دوای چەنـدان سـاڵ، کاتێـک فەریـدوون دەگەڕێتـەوە مـاڵ و ژنێکـی پـرچ زەردی لەگەڵـە، لـە

ڕێـی ئاماژەکـردن بـە جانتاکانیانـەوە دەزانیـن ئەوان لە شـوێنێکی پێشـکەوتووەوە هاتـوون، دەنـا لـە گەڕەکـی ئـەوان (داراوات)، کـە گەڕەکێکـی هەژارنشـینە، هـەر بـاول بـاوە. بـاول جانتایەکـە، یـان سـندووقێکە لـە تەنەکـە دروسـت کـراوە، بـەڵام جانتاکـەی ئـەوان لـە پلاسـتیکی ڕەق دروسـت کـراوە. وەگێـڕ پێمـان دەڵێت ئەوانـە بـاول نیـن، بەڵکوو جانتـان، بـەڵام بـۆ ئـەوەی نیشـانمان بدات خەڵکـی ئـەم گەڕەکـە نازانـن، جانتـا چییـە و هـەر باولیـان دیـوە، ئـەم زانیارییەمـان پـێ دەڵێت. هـاوکات نیشـانمان دەدات، خەڵکـی ئـەم گەڕەکـە چەنـدە هـەژارن و تا ئێسـتا دەرەوەی شـاریان نەدیـوە. پزیشـک (زێـوێ)ش چینـە کۆمەڵایەتییەکـەی ئاشـکرا دەبێت، بـەوەی پزیشـکە و سـەر بـە چینێکـی دەوڵەمەنـد و بۆرژوایـە.

لـە ڕێـی هەڵسـوکەوت و هێندێک ئامـاژەوە دەزانین نەنەگوڵشـانی داپیـرەی پـاوەر و پـاوەر سـەر بـە چینـی هەژارانـە و لـە گەڕەکێکـی هەژارنشـینە، هـاوکات ئارشـەری جـوو، کەسـێکی دەوڵەمەنـدە و لـە گەڕەکـی دەوڵەمەندانـە. نەنەگوڵشـان بـە کەرەکـەی (ژیرکـۆ) دەچێتـە ماڵـی ئارشـەر، کەچـی ئـەوان ئەسـپیان هەیـە. نەنەگوڵشـان لـە خانوویەکـی ئاسـاییدا دەژیـت، بـەڵام بـە ناوهێنانـی وشـەی کۆشـک، دەزانیـن ئارشـەر و خێزانەکـەی زۆر دەوڵەمەنـدن.

هـاوکات کاتێـک باسـی بنەماڵـەی چەلەنـگ دەکرێـت، بـە هەمـان شـێوە لـە ڕێـی قسـە و ڕەفتاری مەیسـوون چەلەنـگ و نـازادار چەلەنگـەوە دەزانیـن، کـە چـۆن وەک کۆیلـە سـەیری مارکـوژ دەکـەن. کاتێـک نـاوی دەهێنـن، ناوەکـەی بچووک دەکەنەوە و بـە (ماریلـۆک) بانگـی دەکـەن. ئـەم بچووککردنەوەیە لێدانـە لـە ناوەکـەی، لـە سـیفاتی ئـەو، چونکـە مارکـوژ، دەلالەتـە بـۆ کەسـێکی جەربـەزە و ئـازا، کـە مـار بکوژێـت. ((مەیسـوون چەلەنـگ پووریەتـی، خوشـکی ناوەنجیـی باوکـی، گۆیـە نابێـت کارەکـەر ناوێکـی لـەم شـێوەیەی هەبێـت، نەبـادا سـبەی هەسـتێکی سـاختەی لا بورووژێنێـت و بیخاتـە ئـەو باوەڕەی توانایـی کوشـتنی مـاری هەیـە، لـە کاتێکـدا پێویسـتە هەمیشـە بزانێـت زەلیلـە)) ل٢٤٢.

ئـەوان وەک سـەردارێک، وەک چینێکـی بـاڵا بیریـان لـەوە کردووەتـەوە، نابێـت ئـەو کارەکـەرە لـە داهاتـووش نـەک خـۆی بـە مارکـوژ بزانێـت، تەنانـەت نابێـت هەسـت و بیرێکـی لـەو شێوەیەشـی لـە کن دروسـت بێـت. ئەگـەر وردتـر بینـەوە، ئـەو کتێبانـەی نـازدار چەلەنـگ دەیانخوێنێتـەوە هەمـووی دەسـەڵاتی ژن نیشـان دەدەن. بـۆ نموونـە (بازرگانی ڤینیسـیا)ی شەکسـپیر، کـە گێسـیکا وەک ژنێـک دەتوانێـت هاوڕێـی خۆشەویسـتەکەی لـە مـردن ڕزگار بـکات. بەرهەمەکانـی خوشـکانی برۆنتـێ، ئیمیلـی ڕۆسـۆ و میـری ماکیاڤیلـی. ئـەم کتێبانـە هەوڵـن بـۆ ئـەوەی نیشـانی بـدات ئـەو خـاوەن دەسـەڵاتە و دەبێـت هەمـووان لەبـن سـایەی ئـەودا بـن.

پنتێکـی دیکـەی سـەرنجڕاکێش لـەم ڕۆمانـەدا چۆنیەتـی ئافراندنـی ئاژەڵـە وەک کارەکتەرێـک. بـە هـۆی ئـەوەی وەگێـڕ لـەم ڕۆمانـەدا، کەسـێکی دوودڵ و گوماناوییـە، کەسـێکە بـەردەوام گومانـی لـە زانیارییەکانـی هەیـە، ئەمـەش دەرفـەت بـۆ کارەکتـەرەکان دەڕەخسـێنێت خۆیـان زۆر شت بڵێن. لـەم ڕۆمانـەدا دوو ئاژەڵمـان هەیـە، یەکیـان ژیرکـۆی گوێدرێـژە، ئـەوی دیکەیـان پڵنگـە.

ئێمـەی خوێنـەر هەمیشـە لەنـاو ئـەو گومانـەدا دەژیـن، کـە ئایا ئـەم دووانـە مرۆڤـن، یـان ئاژەڵ؟ ژیرکـۆ گوێدرێـژە، بـەڵام بـە ناوەکـەی بێت، کەسێکی زۆر ژیـرە. ئەمـەش لێدانـە لـەو سـێنتراڵیزمەی کـە لەنـاو کـورددا بـاوە، ئەگـەر کەسـێک ژیـر نەبێـت، عەقڵـی نەبێـت، پێـی دەڵێـن: کـەر، یـان گوێدرێـژ. ئـەم ئاژەڵـە لـەم ڕۆمانـەدا ئەرکـی خـۆی جێبەجـێ دەکات، یەکێـک لـە ئەرکەکانـی ئەوەیـە بـاری چینایەتـی ئـەو بنەماڵەیـە دەردەخـات، ئـەوی دیکەیـان بریتییـە لـە ڕوونکردنـەوەی زۆر لایەنـی دەروونـی پـاوەر. هـاوکات پڵنگەکـەش بـە هەمـان شـێوە، ئێمـە دەکەوینـە نـاو دۆخێکـی ڕاڕاییـەوە، ئایا ئـەوە هیلانـەی کارەکتـەر بووەتـە پڵنـگ، یـان

پڵنگێک لەو شوێنەدا هەیە. ئەگەر سەیر بکەین، بە گوێرەی بایۆلۆجیا، هەموو مرۆڤایەتی لە باوانێکەوە هاتوون، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ و ئاژەڵانی دیکە یەک داپیرەیان هەبووە، ئەمەش هەوڵ و گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو کات، کە مرۆڤ و ئاژەڵ یەک بنەچەیان هەیە. ئەوەی زۆر لێرەدا گرنگە دروستکردنی ئەو ڕاڕاییەیە لە کن خوێنەر و تێکشکاندنی سێنترالیزمی شتەکانە.

یاوەر خەڵووزفرۆش، یەکێکە لە کارەکتەرە ناوەندییەکان، ئەم کارەکتەرە دوکانی خەڵووزفرۆشی هەیە، ئەم دوکانە هەر شتێکی تری لێ بفرۆشێت پارەی زیاتری دەست دەکەوێت، بەڵام بۆ تەنێ خەڵووز دەفرۆشێت؟ ئەگەر لە ڕووە سیمیۆلۆژییەکەوە لەم بابەتە بڕوانین، دەبینین خەڵووز چەند مەدلوولێکی هەن، یەکێک لە مەدلوولەکانی خەڵووز بریتییە لە خۆپارێزی، خەڵووز پاشماوەی ئاگرە و توانیویەتی خۆی بپارێزێت. یاوەریش وەک کارەکتەرێک، کەسێکی خۆپارێزە، هەمیشە خۆی لە کێشە و ململانێیەکان بەدوور دەگرێت، تەنانەت لە ناونانی کوڕەکەیان زۆر خۆپارێزن، نەکا تووشی بەڵایەکیان بکات. هاوکات خەڵووز دەلالەتی پاکبوونەوەیە.

دایکی یاوەر، کاتی خۆی ڕەدووی ئەفسەرێکی سوڵتشا کەوتووە، ئەمە وەک گوناهێک و پەڵەیەک دەبینرێت، بەتایبەتی لەوەی بووە بە حیکایەتێک و بەردەوام دەگێڕدرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە خەڵووز دەلالەتی وزەیەکی بەردەوامە، یاوەر، خەڵووزفرۆشی وەک وزەی بەردەوامیی ژیان دەبینێت، تەنانەت لە شەوی زاوایەتیدا لەگەڵ پرچ سیای خێزانی هەموو جەستەیان بە خەڵووز ڕەش دەکەن، تەنانەت هەموو شتەکانی دەوروبەی یاوەر دەلالەتی ڕەنگی خەڵووزن، بۆ نموونە پرچ سیا، کە دەکاتە خێزانی یاوەر، ناوەکەی واتە پرچ ڕەش.

ڕووداوێکی زۆر سێنتەری لەم ڕۆمانەدا هەیە، لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەر زۆربەی کارەکتەرەکاندا هەیە. ڕووداوی ڕەدووکەوتنی سووربینی دایکی یاوەر، کاریگەری لەسەر دەروونی یاوەر دروست دەکات. سووربین، ژنێکی پرچ زەرد و زۆر جوان بووە. لەم ڕووداوەوە یاوەر ڕقی لە ڕەنگەکان دەبێتەوە و تەنێ ڕەنگی ڕەش هەڵدەبژێرێت، لەمەوەیە تەنێ کاری خەڵووزفرۆشی دەکات، چونکە هەر کارێکی دیکە لە دوکانەکەی بکات، ڕەنگی تری دەکەوێتە بەرچاو. ئەم ڕۆیشتنەی دایکی دەبێتە چیرۆکێک و خەڵک دەیگێڕنەوە. کاتێک یاوەر و پاوەر بێ دایک دەبن، نەنەگوڵشان ناچارە یەکێکیان بە ئاشەر ئەبراهام و ئادینا لیڤی بفرۆشێت. ئەم ڕۆیشتنەی دایکی دەبێتە گرێیەکی دەروونی و بەردەوام لەگەڵیەتی، بۆیەش ئادینا هەستێکی دایکانەی بۆ دروست دەکات. ((ئادینا دایکی برایەتی؛ مانای وەهایە دایکی خۆشیەتی، بەڵام وا جێی دەهێڵێت و نایبینێتەوە.)) ل٧٢.

لەمەوە دەزانین یاوەر، وەک منداڵێکی هەراش گرێی ئۆدیبی هەیە و دایکی لە دەست داوە. شڵەژانێکی دەروونی ئاشکرا بە یاوەرەوە دیارە، بۆیەش هەستە سێکسییەکانی دەتەقنەوە ((ترسی هەیە دەستی بۆ ناو یەخەی ببات و مەمکەکانی دەربهێنێت، تا هەر جارێ یەکێکیان بخاتە دەمیەوە و گۆکانیان بمژێت. کاتێ با لە قژی خاوی دەدات و بەر دەموچاوی ئەو دەکەوێت، ختووکەی دێت، گیانی مێروولە دەکات و شلەیەکی سەیر دەڕژێتە دەمیەوە.)) ل٧٢.

دەرکەوتنی هەستەکانی یاوەر لەم ڕۆمانەدا زۆر ورد کاری لەبارەوە کراوە، چونکە لەو ڕێیەوە دەزانین بۆ یاوەر پاشان لستنەوەی پێڵاو، بەتایبەتی هیی ژنان دەبێتە خوویەک و ناتوانێت خۆی لە بەرانبەریان بگرێت. ئەم گرێ دەروونییە بە بڕوای من بۆ کوڕەکەی فەرۆ دەگوازرێتەوە، کاتێک فەرۆ شار جێ دەهێڵێت و دوای چەندان ساڵ لەگەڵ ژنێکی پرچ زەرد دێتەوە، پزیشک زێوێ. بە بڕوای من گرێ دەروونییەکە لێرەوە چارەسەر دەبێت. پزیشک زێوێ لە ڕووی ڕوخسارەوە زۆر بە سووربینی داپیرەی فەرۆ و دایکی یاوەر دەچێت، لە ڕووی دەروونییەوە فەرۆ کارێکی کردووە، کە داپیرەی خۆی هێنابێتەوە.